
# ماهیر حەربی
# لاپەڕەكانی مێژوو هەڵدەداتەوە



تاریق كارێزی

ماهیر حەربی (1945 - مووسڵ) هونەرمەندێكی بە ئایین كریستیانی عیراقە. ئەم وتارە بە دەرفەت دەزانم، كە بە كورتی باسی كریستیانی عیراق بكەم. ئەگەرچی هەموومان بەوە ئاشناین، كە ڕێژەیەكی خەڵكی وڵاتمان لە پەیڕەوانی حەزرەتی عیسا (س) و ئایینی كریستیانن، بەڵام بەشی هەرە زۆرمان زۆر كەم زانیاریمان لە بارەی كریستانی وڵاتی خۆمان هەیە.

ڕیشەی ئایینی كریستیان لە كوردستان و لە عەرەبستانی عیراقدا، كۆنە. دووچۆمان (میزۆپۆتامیا) كە ئێستا باكوورەكەی كوردستان و باشوورەكەی عەرەبستانە، یەكەمین زێدی لە ئامێز گرتنی پەیامەكەی حەزرەتی مەسیح بوو. مێژوونووسان لەوەدا كۆكن، كۆنترین كڵیسەكانی كریستیان و دێرینترین ڕێبازەكانی ئایینی مەسیحی، ڕیشەكەیان بۆ میزۆپۆتامیا (كوردستان و عەرەبستانی عیراق) دەگەڕێتەوە.

لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، لە بارەی





ژمارە و ڕێژەی كریستیان داتای ورد لە بەر دەستدا نییە. سیاسەتی دەوڵەتی عیراق وا بوو، پێ دەچێت ئێستاش هەر وا بێت، زانیاری وەك بەشێك لە نهێنیی دەوڵەت و تەنانەت وەك شتی قەدەغە لێی دەڕواندرێت. ڕاستە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی 1921/1920 دا، هەر 10 ساڵ جارێك سەرژمێری كراوە، دوایین سەرژمێریش لە ساڵی 1997دا كراوە، بەڵام ئەنجامی هیچ كام لەو سەرژمێرییانە بە شێوەیەكی ورد و زانستیانە نەخراونەتە بەر دیدە و گوێی ڕای گشتی، میدیاش بۆی نەبووە باسی بكات، دامەزراوەی تایبەتمەندی دەوڵەت كە (دەستەی گشتیی ئامار)ە، ئەو دەرەنجامی سەرژمێریی بڵاو كردووەتەوە، ئەو دەرەنجامەش بە گوێرەی ڕێنمایی بەرپرسانی هەرە باڵای دەوڵەت و بە گوێرەی خواست و ئەجینداى ئەوان، بە ڕەچاو كردنی سانسۆر، بە چاودێرییەكی وردەوە، بڵاو كراوەتەوە.



دەرەنجامی ئەو دۆخەی پێشوو، ئەستەمە بتوانین لە بارەی جۆر و پێكهاتەی ئەتنكیی دانیشتووانی عیراقەوە، زانیاریی وردمان دەست بكەوێت. وێڕای ئەوە، من مەبەستمە لە دەروازەی ئەم وتارەوە، ڕۆشناییەك بخەمە سەر پێكهاتەیەكی زۆر گرنگی دەوڵەتی عیراق (بە كوردستان و عەرەبستانی)یەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت زانیارییەكی پوخت و بەراییمان لە بارەی بەشێكی زۆر گرنگ لە پێكهاتەی گەل و وڵاتمان، هەبێت.

كریستیانی عیراق لەو پەڕی باكووری وڵاتەوە تا ئەو پەڕی باشووری بڵاو بووبوونەوە. بۆ نموونە كریستیان لە دهۆك و زاخۆ هەن، لە بەسراش هەن، هەڵبەت لە گەلێك شاری كوردستان (كەركووك، هەولێر، شەقڵاوە، كۆیە، هەریر، ئاكرێ)، بە ڕێژەی بەرچاوی كریستیان هەن، لە گەورە شارانی عیراقیش ڕێژەیەكی زۆری كریستیان هەبوون، بە تایبەتی لە بەغدا و مووسڵ. كریستانەكان پێكهایەكی ئاشتیخواز و كراوەن، ئەگەرچی لە چەند شوێنێكدا بە چڕی هەن، بۆ نموونە دەشتی نەینەوا، وێڕای ئەوە ئەوان بە ڕێژەی جیاجیا لە بەشی هەرە زۆری پارێزگاكانی كوردستان و عیراقدا هەبوون و هەن.

نائارامیی ڕەوشی وڵاتەكە بە شێوەیەكی نەرێنی دەرهەق بە كریستیان ڕەنگی دایەوە، ڕێژەیەكی زۆریان بەرەو هەندەران كۆچیان كرد و ڕیشەیان لێرەدا سڕایەوە. پووكانەوەی ژمارەی كریستیان و دابەزینی ڕێژەیان، زەرەر و زیانێكی كۆمەڵایەتی و شارستانی و كولتوورییە بۆ وڵاتمان، كە قەرەبوو كردنەوەی ئەستەمە. لێرەوە دەچینە سەر دەریچەی ژمارەی كریستیان لە عیراقدا. بە شێوەیەكی فەرمی و بە گوێرەی ئاماری فەرمیی دەوڵەتی عیراق، ڕێژەی كریستیان 3%ی دانیشتووانی عیراقیان پێك دەهێنا. ئەم ڕێژەیە لەگەڵ ئەو ژمارانەدا ناتەبایە كە

لایەنانی پەیوەندیدار لە بارەی ژمارە و ڕێژەی کریستیان لە عیراقدا ڕای دەگەیەنن. بۆ نموونە لە ئۆکتۆبەری 2019دا خالید جەمال بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کریستیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایین لە حکومەتی باشووری کوردستان ڕای گەیاند "لە کۆی 1,8 ملیۆن کریستیان لە عیراق و کوردستاندا، لە ساڵی 2019دا تەنیا 300 هەزاریان ماون"، بە واتای 1,5 ملیۆن (یەك ملیۆن و نیو) بەرەو هەندەران کۆچیان کردووە. بە پێی سەرچاوەیەکی دی، لە ساڵی 2005دا ژمارەی کریستیان لە عیراقدا 636 هەزار کەس بووە، 3%ی دانیشتووانی عیراقیان پێك دەهێنا. ژێدەری دیکەش دەڵێن ژمارەی کریستیان لە عیراقدا 1,5 ملیۆن بوو، لە پاش هاتنی سوپای ئەمریکا و ڕووخانی ڕژێمی سەدام، گرووپی چەکداری توندڕەو و تیرۆر تەشەنەیان کرد، کریستیانی وڵاتەکە ناچار کۆچیان کرد و تەنیا 300 هەزاریان لێ مانەوە.

بەشی هەرە زۆری کریستیان (80%)یان، سەر بە کڵێسەی کلدانی کاسولیکن. ئەم کڵێسەیە لە یەکەمین سەدەی زاییندا دامەزراوە. کلدان بە شێوەزارێکی ئارامی دەدوێن کە زمانی حەزرەتی مەسیح بوو (س). سریان بەشێکی دیکەی کریستیانی عیراقن، 10%ی کریستانی عیراق سریانن، بە زۆری کاسولیکن و برێکیان ئەسەدۆکسن. سریانی کریستیان بە چڕی لە دەشتی نەینەوا (بەغدیدا "قەرەقوش: حەمداینە"، باشیك و بەرتللە)دا هەن. ئەرمەنی ئەرسەدۆکس ئەمانیش 3%ی تێکڕای کریستیانی عیراق پێك دەهێنن. بەشی هەرە زۆریان لە ئەرمەن قڕانی سەردەمی عوسمانی و یەکەمین شەڕی جیهان بەرەو عیراق هاتوون. ئاسووری (ئاشووری) 5%ی کریستیانی عیراق پێك دەهێنن، لە یەکەمین شەڕی جیهاندا بەرەو عیراق هاتوون.

کریستیانی عیراق بە شێوەیەکی گشتی 14 تیرەن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی چوار تیرەن (کلدان، سریان، ئەرمەن، ئاسووری "ئاشووری"). لە پاڵ ئەوانیشدا، کڵێسەی یۆنانی ئەرسەدۆکس، ئەرسەدۆکسی قیبتی، ڕۆمی کاسولیك، هەن. هەندێك ژێدەریش پێیان وایە بەر لە ساڵی 2003 نزیکەی 1,5 ملیۆن کریستیان لە عیراقدا دەژیان، ئەوکات ژمارە دانیشتووانی عیراق نزیکەی 27 ملیۆن بووە، بەم پێیە بێت ڕێژەی کریستیان لەو ساڵەدا لە عیراق لە نێوانی 5% بۆ 6% بووە، بەڵام ئێستا (2022) کە ژمارەی دانیشتووانی عیراق **40** ملیۆنە، ژمارەی کریستیان لە نێوانی 200 بۆ 300 هەزار کەسە. ئەمەش پیشانی دەدات ئەم پێکهاتەیەی عیراق بە شێوەیەکی زۆر فراوان بەرەو هەندەران کۆچی کردووە، بۆیە ژمارە و ڕێژەیان بە شێوەیەکی دراماتیکی دابەزیوە.







ئەم دیاردەی دابەزینی ژمارە و ڕێژەی کریستیان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت. لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی (کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم)دا، ڕێژەی کریستیان لە کۆی دانیشتووانی سووریا 25% بوو، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بۆ 8% تا 10% دابەزی. لەبەر ئەوەی کۆچی کریستیان لە هەر پێکهاتەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاترە، دەبینین بە شێوەیەکی نائاسایی ڕێژەیان لە چاو ڕێژەی پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتانی ئەم ناوچەیەی جیهان، دادەبەزێت.

## هونەری ماهیر حەربی

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا ئێستا کێشەی ناسنامە هەیە. دەوڵەت بە یاسا و دەستوور، بە کردار و ئەجێندا، بە چاوی جیاواز لە هاووڵاتیانی دەڕوانێت. کێشەکە هێندە بە قووڵدا چووە، دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە کێشەی هاووڵاتی و ناسنامەیان هەیە، ئەوان نەبوونەتە دەوڵەتی هاووڵاتی. دەوڵەت، دەوڵەتی گرووپ و ئەتنیکە نەك دەوڵەتی تەواوی گەل. لێرەوە ئیدی هاووڵاتی دەکەوێتە بەر گومان و سانسۆری حکومەتەوە، هاووڵاتیش هەست بە نامۆیی و نائارامیی دەروون دەکات. بە کورتییەکەی، هاووڵاتیان لەسەر بنەمای ئەتنیك پۆلێن دەکرێن. لە بەرانبەردا، لەو وڵاتانی ئەورووپا نەك هەر ئەو کەسانەی لە باب و باپیرەوە هەموو مافێکی هاووڵاتی و وڵاتایەتییان بۆ دەستەبەرە، بەڵکوو من و تۆش ئەگەر ڕوو بکەینە ئەو وڵاتانە، هەر لەگەڵ ئەوەی ناسنامەی ئەو وڵاتانە وەردەگرین، لە هەموو مافێکی هاووڵاتی و وڵاتایەتی خاترجەم دەبین.

دەگەڕێینەوە سەر دۆخی عیراق، هەم لەم وڵاتە و هەم لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێمە گیرۆدەی ناسنامەین. ئەگەرچی لە عیراقدا کریستیان پێکهاتەیەکی مەدەنی و زۆر ئەرێنی بوون. هاووڵاتیی بێ کێشەی وڵات بوون، بەڵام سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکە، هاووڵاتی بەرەو تەنگەبەری گومان دەبات. کریستیانی عیراق بەشی هەرە زۆریان ڕیشەیان لەم وڵاتەدا زۆر کۆنە، ئەگەرچی لە ڕوانگەی مافی هاووڵاتی و وڵاتایەتییەوە، کۆن و نوێ لە تەرازوو نادرێت، واتە ئەوان بە هەر شێوەیەك بێت، لە ڕووی مێژووییەوە هاووڵاتیی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن، بەشێکیشیان دوای ئەوەی لە وڵاتانی دراوسێی عیراق ڕووبەڕووی هەڕەشە مەرگ و سڕینەوە بوونەوە، ڕوویان لێرە کرد. هەردوو لاشیان هاووڵاتیی زۆر باش و سەرڕاست و بێ کێشە بوون.



ئەگەر لە هونەری ماهیر حەربی (وەك هونەرمەندێکی کریستیان) ورد ببینەوە، سیمای تایبەت بە خەسڵەتی هاوولاتیانی کریستیانی عیراقی تێدا بەدی دەکەین. تابلۆ و مۆتیف و هێڵکارییەکانی ئەم هونەرمەندە وەك دەقی جوان و ستاتیکی، ڕەنگدانەوەی ژینگە و کولتووری عیراقە. بە چەشنێك زۆر قووڵ ئەم هونەرمەندە ناسنامەی نیشتیمانێك دەخاتە ڕوو، دەکرێت بە شێوەیەکی فراوان وەك کولتوور و میراتی دووچۆمان (میزۆپۆتامیا) پێناسەی بکەین. ئەو جوگرافیایەی میراتی شارستانیی سەروو 6 هەزار ساڵی لەخۆ گرتووە، جگە لە میراتی شارستانیی مرۆڤی بەر لە پەیدا بوونی شارستانیەت و چاخانی کۆن، کەچی ئێستا پێستی تەنگ بووە و هاوولاتیان نامۆ و وڵات بەدەر دەکات.



قسە کردن دەربارەی هونەری ماهیر لە دوو شەقڵدا دەخەینە ڕوو. ئێمە ناچینە باری ئەوەی شرۆڤە و خوێندنەوەیەکی فراوان بۆ هونەرەکەی بکەین، چونکە من دەرفەتی ئەوەم نەبووە تابلۆ و بەرهەمی ئەو بە شێوەیەکی زیندوو ببینم، لە پاڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی زۆر کەم وێنەی بەرهەمی ئەوم بینیوە. ئەمەش دەرفەتی قسە کردنم لە بارەی هونەری ئەوەوە، تەسك دەکاتەوە. وێڕای ئەوە، ئەو چەندین بەرهەمەی ئەو کە بە یارمەتیی خاتوو جۆرجینا (کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی سریانی) بەدەستم کەوتن، بایی ئەوە هەن خوێندنەوەیەکی بەرایی بۆ بەرهەمەکانی بکەم.

تابلۆیەکانی

لە هونەری ماهیردا، چەندین فیگەر لە داڕشتنی تابلۆدا دووبارە دەبنەوە. دەکرێ بڵێین ئافرەت، شێوە و فیگەری ئەفسانەیی، نەخش و گەڵای ڕووەك، پاشماوەی شوێنەوار، پیت و نووسین، ئەمانە بە تێکڕا لە تەواوی بەرهەمەکانیدا دووبارە دەبنەوە. هەر خۆیان دەبنە ئەلف و بێی هونەرەکەی، پەیام و گوتاری ستاتیکاییانەی ئەوی پێ گەڵاڵە دەبێت. ئافرەت لە هونەری ئەودا تەنیا ڕواڵەتێکی ژیان نییە، بەڵکوو مێ دەبێتە ڕەهەندی فرە جەمسەری ژیان و واتایەکی قووڵی پێ دەدات. لە هەموو کولتوور و شارستانیەتێکدا، خوێندنەوەی تایبەت و هەمەچەشن بۆ ئافرەت دەکرێت، لێرەدا قووڵایی مێژوو لەو ژینگەیەی ئەم هونەرمەندە تێیدا ژیاوە، لە پاڵ ئامادە بوونی ئافرەت وەك ڕەگەزێکی کاریگەر لە ژیانی مرۆڤ بە درێژایی ئەو مێژووە، ڕەگەزی مێ دەکاتە کەرەستە و پاشخانێکی گەورە بۆ هۆنینەوەی هونەر و ڕۆچوون بە نێو دنیای داهێناندا. دۆخی شارستانیی ژینگەی هونەرمەند، لە شارێکی دێرینی ڕۆژهەڵاتدا، کە تێیدا ئافرەت توخمێکی زۆر کاریگەری





ژیان و ژیاری خەڵکەکەیە، ماهیری بەو ئاراستەیە بردووە، خوێندنەوەی هەمەجۆر بۆ ئامادە بوونی ئافرەت لە بواری کۆمەڵایەتی بکات. ژن بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و زۆرترین کاریگەریی بەسەر کۆمەڵەوە هەیە. لە گرێژەنەی گۆڕانی شارستانیدا، ئافرەت گەورەترین بەرکەوتی دەبێت، نەخاسمە لە نێو کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە سێبەری داب و نەریت و میتافیزیك، زۆر بە چڕی و خەستی ڕەنگدانەوەیان بەسەردۆخی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە ئافرەت لە تابلۆی ئەم هونەرمەندەدا زۆر جار وەك تارمایی دەربکەوێت، نەك وەك ئەوەی سەرچاوەی بوون و ژیان و جوانی و بەهای بەرز بێت.



لە مووسڵ وەك شوێن و جوگرافیا، ناکرێ هونەرمەند خۆی لە کاریگەریی و ئامادە بوونی مێژوو بەدوور بگرێت. گەورە شارانی دێرینی ئەو دەڤەرە و پایتەختەکانی نەتەوەی ئاشوور (نەینەوا، خورساباد، نەمرود) و ئەو هەموو پاشماوە و شوێنەوارەی لە نزیك ڕووباری دیجلە و شوێنانی دوور و نزیکی ئەوێ، وایان کردووە مێژوو بەشێك بێت لە ژیانی خەڵکەکە، ئیدی عەوام هەستی پێ بکات یان نەکات، پاشماوە و شوێنەواری ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بۆ هونەرمەندێك کە یەك پارچە هەست و هۆشیاری و سرکییە، دەبێتە دۆخێکی ئۆرگانی و هاوشانی ژیانی ئەم سەردەمە لە زەین و بیرکردنەوە و خەیاڵی ئەودا ئامادەیە و ئامادە دەبێت. لێرەوە دەبینین لە تابلۆی ماهیر حەربیدا سیمبوڵ و هێما و نەخشەکانی دوێنێی شارستانیەتی ئاشوور و شارستانیەتی نەتەوەکانی دیکەی دووچۆمان (میزۆپۆتامیا) بە چڕی ئامادەن. ئەو نەخش و هێمایانە بە واتای قووڵ و پرسیاری فەلسەفی بارگاوین. ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ بەتاڵ کردنەوەی ژان و ژووی ناخ و دەروونی هونەرمەندی شێوەکار، گوتاری دیدەییانەی ئەویش تۆکمەتر و دامەزراوتر دەکات. لەم گۆشەنیگایەوە هێما و سیمبوڵ وەك فیگەر زۆر بە چڕی لە تابلۆی ئەودا ئامادەن.

ڕەنگە بایەخ دانی مرۆڤ بە جیهانی ڕووەك لەوەوە سەرچاوە بگرێت، کە ڕووەك بۆ خۆی یەکەمین جومگەی ژیانە، لەوێوە ئیدی زنجیرەی زایەند و ڕێچکەی بازنەی تەواوکارانەی ژیان دەست پێ دەکات. بۆیە لە هیچ بستە خاکێکی سەر گۆی زەوی، مرۆڤ نەیتوانیوە بەدەر لە ڕووەك یان دوور لە جیهانی ڕووەك ژیان وێنا بکات، یاخود بەدەر لە ڕووەك بتوانێت بە کردنی بژی و گوزەران بکات. ئەمە کارێکی حەتمییە و مرۆڤ دەرەتانێکی دیکەی لە بەردەمدا نییە. ئەگەر بابەتی ئەوەی ژینگەی هونەرمەند کە چەقی ناوەندێکی گرنگی دووچۆمانە و سەرچاوە و ناوەندێکی دەست پێ کردنی شۆڕشی کشتوکاڵەی بخەینە سەر، تێدەگەین لەبەر چی ڕووەك نەك هەر لە ژیانی مرۆڤی ئەم دەڤەرەدا زۆر ئامادەیە، بەڵکوو لە دۆخی

سەرخانی مرۆڤی دەڤەرەکەش ئامادەییەکی زۆری هەیە. ڕووەک لە هەموو دەقێکی وێژە و ئەفسانەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامادەیە، ئاخر ناکرێت سەرچاوەی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤ و گیاندارانی دیکەی سەر گۆی زەوی، نادیدە بگرین. هەر ئەمەش وای کردووە، نەخشی چڵ و گەڵا و بەری دار و درەخت وەک بەشێکی کاریگەر، لە تابلۆ و ستاتیکا زمانی داڕشتنی ئەم هونەرمەندە بە چڕی ئامادە بن. ئەو بەم کارەی نەک هەر پاساوی ئامادە بوونی کاریگەرانەی خۆی دەداتەوە، بەڵکوو وەک کەرەستەی جوانی و دەربڕینیش لە نێو هونەری خۆیدا جۆشی داوە.

لە درێژەی قسە کردنمان لە بارەی پێکهاتەی داڕشتنی تابلۆ لە هونەری ماهیر حەربیدا، ئەوەمان لێ دەخوازرێت بە وردی لە ئاست بە فراوانی ئامادە بوونی پیت و نووسین لە نێو تابلۆی ئەودا هەڵوەستە بکەین. پیتی ئەلف و بێی عەرەبی (کە دەگەڕێتەوە سەر ئەلف و بێی نەبەتی/ ئارامی)، دارای فۆرمێکی نەرم و شلە، بەوەی نووسین بەم ئەلف و بێیە بە هەر زمانێک، دەرفەتی ئەوە دەهێنێتە پێش بە ئەندازە و سنوورێکی بێ کۆتا، بازنە هێڵی پیتەکان و شێوەی تێکەڵ بوون و پێکەوە گرێدانیان دەستەبەر بێت. ئەمەش لە ڕووی شێوە و فۆرمەوە مەودایەکی زۆری فۆرمبازی دەستەبەر دەکات. بۆ هونەرمەندی شێوەکار دەروازەیەکی گەورەی کار و جوانی و پەیام دەکاتەوە. نەخاسمە ئەگەر ئەوەش ڕەچاو بکەین، کە پیتی عەرەبی دارای دوو ڕەهەندە، لە لایەک وەک هەر ئەلف و بێ و نووسینێکی دی، دەکرێت سەرچاوەی تۆمار کردن و گواستنەوەی گوتار بێت لە زارەوە بۆ سەر پەڕاو، لە لایەکی دیکەوە جووڵەی بازنەییانەی ئەم پێتانە و پشت بەستنی بە هێڵی چەماوە نەک هێڵی تێک شکاوی ڕەق و گیر، وا دەکات هەڵگری ستاتیکایەکی فراوانی شێوەیی بێت. ماهیر حەربی لەو نهێنییەی پیت و نووسین بە ئەلف و بێی عەرەبی گەیشتووە، بۆیە بە فراوانی پیت و وشە و ڕستە لە تابلۆکانی هەن.

## مۆتیڤەکانی

هونەرمەندێک بە درێژایی دەیان ساڵ کاری کرد بێت، بە دڵنیاییەوە بەرهەمێکی زۆر و ئەزموونێکی خەست و قووڵی هەیە. بۆ پەی بردن بە کۆبەرهەمی هونەری ماهیر و وردەکاریی ئەزموونەکەی، توێژەر و ڕەخنەگر پێویستی بەوەیە لە نزیکەوە، بە شێوەیەکی زیندوو بەرهەمەکانی ببینێت. من ئەو دەرفەتم نەبووە، بۆیە لە گۆشەنیگای ئەو بڕە کەم بەرهەمەی ئەو کە دیومە، خوێندنەوەیەکی بەرایی بۆ کاری ئەم هونەرمەندە دەکەم، لەوەشدا ناکرێ شرۆڤە و خوێندنەوەکەم بە گشتگیر لە قەڵەم بدرێت، هێندەی ئەوەی شەرەفی ئەوەم پێ دەبڕێت، سەرە قەڵەمێک لەم بارەیەوە بخەمە ڕوو.

وەک پێ دەچێت، ماهیر حەربی بایەخی بە هونەری مۆتیڤ داوە، لەو مۆتیڤانەی ئەو کە من دیومن، ئەزموون و بوێرییەکی زۆر لە گەڕان و بزواندنی هێڵ بەدی دەکرێت. لە لای ئەو، (هێڵ) لە (خاڵ) زیاتر لە کاردایە، تا ئەندازەی ئەوەی خاڵ فەرامۆش دەکات و هێڵی سرک و هەمەچەشنی ئەو، بە ئاراستەی جودا جودا لە جووڵە و جمیندان، لەو جووڵە و جمینە ڕەها و ئازادەشدا، هێڵ





فیگەری هەمەجۆر (بەرد، ژن، نەخش، گەڵای ڕووەک، مێخە نووسین، پیت و نووسین، هێمای هەمەجۆری ڕابردوو، دروشم و ئارم، نەخشکاری.. هتد)، بەرجەستە دەکات. هەموو ئەمانە مۆتیڤی چڕ و پڕ گەڵاڵە دەکەن، جاری واش هەیە، یەک فیگەر، بە تایبەتی ئافرەت، دەبێتە بابەتی مۆتیڤێک، لەمەشدا بوێری لە جووڵەی هێڵدا، هێزێکی زۆر بە داڕشتن دەدات. ئەمەشیان زادەی ئەزموونی قووڵ و کاری زۆرە. بە گشتی مۆتیڤی ئەم هونەرمەندە، دوو ڕووبەر دەنوێنێت، لە لایەک هێڵی ئاراستە و بەرحوکمی هزر و هەستی ستاتیکاییانەی ئەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، چڕە هێڵێک کە لە خەت خەتۆک و شەڕە پشیلەی منداڵان دەچێت، هێڵ بە نێو یەکدا چڕ دەبێتەوە و هێڵستانێک چەشنی تارمایی دروست دەکات.

## ڕەنگ لە تابلۆی ئەودا

هەموو نیگارکێشێک لە کرۆکدا ڕەنگسازە. ڕەنگ دووەمین توخمی کاریگەری دروست کردنی تابلۆیە. ئاشنا بوون بە ڕەنگ و ئامادە کردن و بەکار هێنانی، پێش ئەوەش هەڵبژاردنی، هەموو ئەمانە پەیوەستن بە دۆخی دەروون (سایکۆلۆژی)ی مرۆڤەوە (لێرەدا هونەرمەندی شێوەکارە)، لە پاڵ ئەوەشدا ژینگە و دەوروبەر و ژیانی منداڵی تا دەگاتە بیر و باوەڕ و بیرکردنەوە، بێ لە ئامادە بوونی ئەندێشە و خەیاڵ، هەموو ئەمانە وەک ڕەگەزی کارا، لە هەڵبژاردن و دانانی ڕەنگدا، نەخشی کارا و ڕەنگدانەوەی بەرجەستە و بەهێزیان دەبێت.

ئەگەرچی ڕەنگ و فیگەر پەیوەندییەکی تۆکمە و ئۆرگانی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ڕایەڵێکی زادەی تێکەڵەی هەست و نەست، هەم فیگەر و هەم ڕەنگ لە زەینی نیگارکێشدا دیاری دەکەن، یەکەمیان وەک شێوە گەڵاڵە دەبێت، دووەمیان بەر حوکمی سەلیقەیەکی شاراوەی ستاتیکایە و بەسەر ئۆرگانە میکانیزمی جووڵەی دەست و پەنجەی هونەرمەنددا زاڵە، بەو جۆرەی هەستی ئاگا و نائاگا ڕێنمایی دەکات، جڵەوکێشی کردەی هونەرکارانەی ئەو دەکات و تابلۆ بە شێوە و پێکهاتە و سەمفۆنیای ڕەنگەوە، گەڵاڵە دەبێت.

پاشخانی هزر و کولتوور و میراتی ڕۆحیی مووسڵ، کە دەڤەر و شارێکی فرە کولتووری دەوڵەمەندی خاوەن شکۆمەندییەکی درەوشەداری مێژووە، ماهیر حەربی لە نێو ئەو فرە کولتوورییەدا بە ژیان ئاشنا بووە، پەنجەمۆری ئەو فرەییە زۆر بە جوانی لە هونەرەکەیدا خۆی دەنوێنێت. جا بۆیە ڕەنگی مات و خامۆشی مۆری مەیلەو خۆڵەمێشی، زەردی مات و خاکی و چەندین جۆرە ڕەنگی دیکەی سارد، لە لای ئەم هونەرمەندە، لە قووڵایی هەست کردن بە مێژووەوە سەرچاوەیان گرتووە، بازنە شەبەنگی ڕەنگی ئەویان دیاری کردووە. ڕەشی ئاوێتە و ڕەنگی پیرۆزەیی، ئەمانەش ئامادە بوونی فراوانیان لە هونەری ئەودا هەیە، ئەگەر ڕەنگی گەرمی وەک زەرد و سووریشی بەکار هێنا بێت، هێندە تێکەڵ بە ڕەنگی مات و خامۆشی کردوون، سیمای ساردی و خامۆشییان بەسەردا زاڵ بووە.

بە هەر شێوەیەک قسە بکەین، دەبێ بڵێین، ئەم هونەرمەندە لە ڕەنگسازیدا تایبەتمەندە، ڕەنگی ئەوتۆ بەکار دەهێنێت، کە ڕەنگی ئەم چرکەساتەی زەمەن نییە، بەڵکوو ڕەنگی ئەوتۆن کە لە قووڵایی مێژووەوە هاتوون و لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵدەدەنەوە.